کۆمپانیای ئێپڵ ئێپی وێتس ئاپ و سرێدزی لە ئێپ ستۆر لە وڵاتی چین کشاندنەوە لەسەر داوای دەسەڵاتداران

کۆمپانیای ئێپڵ ئێپی وێتس ئاپ و سرێدزی لە ئێپ ستۆر لە وڵاتی چین کشاندنەوە لەسەر داوای دەسەڵاتداران، ئەمش بەپێی بڵومبەرگ کە بە ئاماژەدان بە کۆمپانیای مێتای ئەمریکی کە خاوەنی ئەو دوو بەرنامەیە.

چین بە توندی سانسۆری میدیا و پلاتفۆرمکانی ئینتەرنێت دەکات و ملکەچی ڕێنمایی بەهێزکان دەکات و کۆنترۆڵی ئەو ناوەندکانە دەکات کە چین بە ڕەخنەگرتن لە سیاسەتکانی دەوڵەت یان ئەگەری نائارامی بە سەر ئاسایشی وڵات دادەنێت، لەبەر ئەوەش، زۆرێک لە خزمەتگوزارییە ئەلیکترۆنییەکان لەوانە گووگڵ و یوتیوب و بەرنامەکانی تەڵە کۆمەڵایەتییە بیانییەکانی وەک فەیسبووک و ئینستاگرام و ئێکس لە چین بە قەدەغە دادەنرێن، کە ئەم بەرنامانە بە (ڤی پی ئێن - VPN) لەم وڵاتە بەکاردەهێنرێت.

کۆمپانیای ئێپڵ لە بەیاننامەیەکدا کە ئاژانسی بلومبەرگی تایبەت بە هەواڵی ئابووری و دارایی بڵاوکردەوە ڕایگەیاند، "بەوەبەرایەتی سایبەری چین فەرمانی کشانەوەی ئەو تەڵە کۆمەڵایەتییانەی کردووە بەهۆی نیگەرانییەکانی سەر ئاسایشی نیشتمانییەوە".

ئێپڵ لە بەیاننامەیەکیدا ڕاشیگەیاند، "پێویستە ئێز لە یاساکانی ئەو وڵاتانە بگرین کە تێیدا کار دەکەین، تەنانەت ئەگەر هاوڕاش نەبین لەگەڵیان".